ئەم بابەتەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە وەرگێڕدراوی پوختەی سەرووتاری گۆڤاری پێدا چوونەوەی مانگانەیە ( Monthly Review) ی مانگی ئۆکتۆبەری 2002 کە لە ئەمریکا دەردەچێت. بە هیوام کەمێك ڕۆشنای خستبێتە سەر ڕەوندی شەڕی ئەمرۆ کە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ سەر عێراق خەریکە بەرپا ئەبێت.

## تەماحە ئیمپریالیستیەکانی ئەمریکا لە پەیوەند بە عێراقە وە. PAUL M. SWEEZY

وەرگێڕانی سالم کەریم

بە شێوەیەکی ڕەسمی سیاسەتەکانی ئێستای واشنتۆن سەبارەت بە عێراق ئەوەیە کە دەیەوێت ئالۆگۆڕی ڕاستەخۆ لەدەستەلاّتی سیاسی دابکات لە عێراق دا، جا چ لەرێگەی کۆدتایەیەکی ڕاستەوخۆی کتوپڕەوە بێت، یان لە ڕێگەی هێرشی سەربازی و داگیر کردنیەوە کە ئەمریکا لەرێگەی بیانووی جۆراو جۆرەوە دەیەوێت وولآتانی دنیا پەلکێش بکات بۆ بەشداری کردنیان لەو کارەدا. لە ژێر بیانووی ئەوەی کەعێراق و دەستەلاّتەکەی دابڕاون لە ئەنجومەنی نێونەتەوەی وە ڕژێمەکەی جێگای باوەڕپێکردن نیەو و خەریکی وەبەرهەم هێنانەوەی چەکە بەکۆمەڵ کوژەکانە، سیاسەتمەدارانی ئەمریکا دەیانەوێت مەرامەکانیان بپێکن و بیگەیەنن بە جێگەی مەبەستی دیاریکراویان، کە بێجگە لە گۆڕینی ڕژێمی عێراق، بە خاتری کۆمەڵی مەرامی تایبەت، هیچی تر نیە.

مەبەستی سەرەکی ئەمریکا لەم داگیکردنە، سەقام گیرکردنی زیاتری هەیمەنەی ئەمریکایە لەناوچەکە دا. کە ئارایش دانەوەی یەکێکە لە پێویستیەکانی ئەمریکا ؛وەك گەورەترین هێز لەدنیای ئەمرۆدا. ئاشکرایە ئەم هەوڵەی ئەمرۆی ئەمریکا کە سیستەمی هاوچەرخ لەگەڵی ڕووبەڕووە پۆختەی تازەترین ئاکامی ئیمپریالزمە لە مێژووی دا. ئیمپریالیزمی ئەمرۆ بێ گومان ئەوو ئیمپریالیزمەی سەدەی نۆزدەهەم نیە، کە لەسەرتاکانی دستپێکردنی مۆدێرنیزمی ئیمپریالزم دا کۆمەڵێك وولآتی زل هێزی وەك ئەڵمانیا و یابان و ئەمریکا کەوتنە دژایەتی کردنی بەرژەوەندی و توانایەکانی بەریتانیاوە لە سەرتاسەری دنیادا. لەو دەورانەدا ئیمپریالیزم کۆمەڵی تایبەتمەندی هەبوو. ، لەهەمان کاتیشدا لە پاڵ ئەم تایبەتمەندیانەوە کۆمەڵێك هەوڵدانیش هەبوو لە نێو هێزەکانی ئەورووپادا بۆ دابەشکرنی بازارەکانیان لە ئەفریقا. هەروەها ئەڵمانیاش کە لەرووی توانای هێزەوە ئەوکاتە ڕوو لەسەر بوو گەورەترین مەترسی بۆ بەریتانیا پێك هێنابوو، کە بازاڕی دراوی جیهانی بوو و سەنتەرەکەی کەوتبووە شاری لەندنەوە. لەلایەکی ترەوە ئەمریکا لەهەوڵی بێ ووچاندا بوو کە بچێتە نێو بازاڕی دراوی ئەورووپاوە بەگشتی هاوکاتیش لەسەرو بەری ئەوەدا بوو چۆن " colony " خۆی دروست بکات و کاریگەری دابنێت لەسەر ئەمریکای لاتین و ئاسیا. لێرەوە دەکرێت بڵێن هۆیە سەرتایەکانی جەنگی جیهانی یەکەم چەند لایەنە بوون، لەلایەك هەوڵەکانی وولآتانی ئەورووپا بۆ دابینکردنی بازاڕی باش بۆ ساغ کردنەوەی کالآکانیان و هەروەها دابین کردنی " colony " باش. لە لایەکی کەوە هەوڵەکانی ئەلمانیا بوو بۆ لەدەست سەندنەوەی بازاڕی دراوی جیهانی لە لەندەن کە لە ماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نیۆنەرایەتی و ڕەوالّەتی ڕووی دووەمی ئیمپریالیزمی مۆدێرنە بوو. بۆ نمونە ڕێکەوتنی " Versailles " پرۆسەی دابەش کردن بوو لە نێوان براوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بە ئامانجێکی یەکگرتووانە لە نیوانیاندا ئەویش تێکشکاندنی شۆڕشی بەلشەویزم بوو.

" Thorstein Veblen" لە وتاریکدا بەناونیشانی " لە بریارە گۆڕاوکانماندا " لە ساڵی 1934 دەڵێت : سڕینەوەی بەلشەفیزم لە ڕێکەوتنی " Versailles " دا شتێکی ئاسان یان نهێنی کارێك نەبوو، بەڵکو مۆرو نیشانەی ئەو کارانە بوو کە ئامانجی هێزە براوەکان بوو.

بەلاّم ئەو کاتانە پلانی تێکشکاندنی یەکێتی شووروووی لەبار  چوو بە هۆی " Grate Depression " وە، وەهەروەها جەنگی جیهانی دووەم بووە مایەی ئەوەی کە ئەلّمانیا و یابان و ئیتالّیا دەورو نەخشێکی زیاتر بگێڕن وە پلەو پایەیەکی زیاتر وەربگرن لە نێو سیستەمی جیهاندا.

لەدوای جەنگی جیهان دوەمەوە ئەتوانم بلّێم سێەم شێوەی ئیمپریالیزمی مۆدێرن بنیات نرا. ئەمریکا لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا وەك ولاّتێکی تازەی خاوەن دەستەلاّت لەناو دنیای سەرمایەداریدا نەخشەو پلانێکی وای دارِشت کە لە رِێگەیەوە بوو بە وولاّتێکی خاوەن نفوزو ئیستراتیجی بۆ وەگرِخستنی سەرمایەی جیهانی بەوە شێوەیەی کە خۆی ئاواتی بوو. ئەم رێگەیە تاکە رێگایەك بوو کە هەر وەلاّتێك بیویستبا کاریگەری هەبێت لە سەر دنیا و ئالوگۆرِی سەرمایە لە بازارەکانی دنیادا. وەتاکە لایەن کە جێی مەترسی ئەمریکا بوو کەئەم هەولّەی کەم بایەخ بکاتووە یەکێتی شووروووی بوو.

لەم بارەیەوە " نعوٚم چوٚمسکی " لە نوٚڤەمبەری 1981 دەلّێت : بەگشتی چوارچێوەی بیرکردنەوە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکادا گوٚرِا، لەبەرئەوەی لەزۆربەی ئەو نەخشانەی کە لەمنالّدانی جەنگی جیانی دووەمەوە لەدایك بوون زۆر بەباشی باسی کاریگەری جەنگی جیهانی دووەم ئەکەن. بۆ ماوەی شەش سالّی تایبەت 1939 – 1945 چۆن بەرپرسی سیاسەتەکانی بەشی پلان گێرانی ئەمریکا سەرقالّی دراسەکردنی شەرِو ئاشتی بوون بزانن کامیان زیاتر خزمەت بە مەرامەکانی ئەمریکا دەکات. بۆیە بە دلّنیایەوە دەیانزانی کە لە 41- 1942 شەرِەکە کۆتای پێ دێت و ئەمریکاش بە گەورەترین دەستکەوتەوە دێتە دەر وەهەروەها کاریگەری زیاتریشی دەبێت بەسەر شێوەنەکانی تری دنیادا. هەر لێرەشەوە ئەو پرسیارە روونە کە ئەمریکا دەیەوێت بەچی شێوەیەك دنیا رێك بخات. لە وەلاّم دانەوەی ئەم پرسیارەدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم، کاتێك ئەمریکا سیستەمێکی دارِشت بە ناوی " Grand Area Planning" کەلەرِووی ئیستراتیجیەوە بە پێویستی ئەزانی بۆ دەست بەسەرا گرتن و کاریگەری دانان لە سەر گشت رِەوەندی دنیا. بەتایبەت ئەو پسپۆرانەی "Geopolitical کە لە پشت ئەم نەخشەیەوە بوون هەمیشە لەهەولّی ئەوەدا بوون کە بزانن چ شێوە سیستەمێك دەکرێت کراوە بێت بۆ باس و لێکۆلّینەوە بۆ ئەوەی بەهرەمەند بێت لەرِەوەندێك کە باشترین و زۆرترین دەستکەوتی تێدا بەدەست بێت بۆ ئەمریکا. "

بۆ ئەوەی باری ئابووری ئەمریکا سەرکەوتووبێت وبەبێ هیچ شێوە ئالوگۆرِێك، چ دەرەکی یان ناوخۆی برِۆشتایە بەرِێوە و زیانی ئەمریکای تێدا نەبوایە، کە ئێستاش لەم دەورانەدا وەك خالّێکی گرنگ بەئاشکرا باسی لێەوە دەکەن، هەروەها بەبێ دابەش کردن و پەیدابوونی شەریك بۆ ئەمریکا لە پەیوەند بە دابەش کردنی دەستەلاّت یاخوود سەروت سامانە ئابووریەکان لە ئاستی جیهاندا، بەرنامەی شەرِ بەدواشیدا ئاشتی لایەنێکی گرنکی هەولّەکانی ئەمریکایە چ لەوکاتە و چ لەرۆژگاری ئەمرِۆشدا، کە تەنانەت ئەمە سایەی خستووەتە سەر سیاسەتاکانی وولاّتانی ئەورووپاش. بیرۆکەی " Grand Area " بۆ چۆنێتی رێکخستنەوەی دنیا ئەوەیە کە لە باتی بە خەرج دانی پارەو پۆلّێکی زۆر و پلان دانان ،بە شێوەیەکی هێمنانە تر شەر پەسەند دەکرێت کە کەم ترین خەرج و مەسەرەف دەکێشێت، دبینین چۆن ئەمرِۆش ئەم سیاسەتە رِەواجی زۆری هەیە و رِەونەقی سیاسەتەکانی ئەمرِۆی ئەمریکایە.

رِزگار بوونی موستەعمەرەکانی ئەورۆپا و سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر یابان دا کە بووە مایەی لەباربردنی ئارەزووەکانی یابان لە پاسەفیکدا بە هۆی ئەو سەرکەوتنەی ئەمریکاوە، هەولّێك بوون بۆ چوونە نێو بازارِی ئەورووپاوە، کە دەمێك بوو ئەمریکا لە هەولّی بۆ دا بوو. ئەم رِووداوانە شانسی ئەوەیان خستە بەردەستی ئەمریکا کە کەلّك لەو بازارە زیاتروەربگرێت کە پێشووتر بۆی نەدەکرا. ئەمە بووە مایە فەراهەم بوونی هەلومەرجێکی تازە لە سەرمایە گوزاری و پەل هاویشتن بۆ ئەمریکیەکان وە کۆمەلّێ رِووداوییشی بە دوای خۆیدا هێنا، بۆ نمونە شەرِ لەگەلّ کۆریای

باکوور و ڤێتنام دا، هەروەها وەلاتانی حکوومەتی مصدق لە ئێران، گواتیمالا و چیلی، وەهەروەها هەوڵدانی گۆڕینی دەستەلاتی لە کوبادا، بەرپا بوونی شەڕە ناوخۆیەکانی وولآتانی ئەمریکای ناوەڕاست و ئەفریقا، ئەمانە هەموو دیاری دەستی ئەمریکا بوون لەدوای سەرکەوتنی لەو دوو ڕەوەندەی سەرەوەدا کە باسم لێەوە کرد.

ترسناکترین دیاردەکانی بیرۆکەی، یاخوود سیستەمی "Grand Area " داگیر کردنی وولآتانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست بوو کە پێشووتر بەشێکی بەرچاووی ئەو وولآتانە موستەعمەرەی بەریتانیا بوون. ئەو وولآتانە باشترین سەرچاوەی ئابووری بوون کە ئێستاکەش ئەو جێگەو ڕێگەیەیان هەیە لە دنیادا، وەهەروەها لە پەیوەند بەمەوە، باشترین شوێن بوون بۆ کاریگەری دانانی هەیمەنەی سەربازی و سیاسی لە سەر دنیا. هەوڵەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ لە ساڵەکانی 1950 کانەوە دەستی پێکرد لەو ناوچەیە دا بە تایبەت کاتێك کە ئێران نەووت خۆماڵی دەکات و لەدەستی کۆمپانیا بیانییەکانی تری ئەکاتەوە. سەرکەوتنی ئەمریکا لەم بارەیەوە ڕۆشن بوو، بۆ نمونە لە نێوان ساڵەکانی 1940 بۆ 1967 کۆمپانیا ئەمریکایەکان ڕێژەی کۆنترۆڵ کردنی بەرهەم هێنانی نەوتیان لە 10٪ وە بەرزکردەوەتا60٪، ئەم ڕێژەیە ڕێك بە پێچەوانەوە بوو بۆ بەریتانیا، بۆ نمونە ڕێژەی کارکردنی کۆمپانیاکانی بەریتانیا لە ساڵی 1940 لەبواری بەرهەم هێنانی نەوتدا 72٪ بوو، بەلآم بۆ کۆتای ساڵی 1967 ئەم ڕێژەیە دەگاتە 30٪ لێرەوە باشکرا دیارە کە ئەو ڕەوندە چۆن دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخانان لە مێژووی ئیمپریالیزم دا، کە ئەمریکا لەرێگەیەوە توانی پارسەنگی هێزەکان بگۆڕێت و بەشێکی زۆر لە ئارەزووەکانی بەدی بهێنێ، لە دنیادا.

دواکەوتنی یەکگرتنی ئەورووپای ڕۆژئاوا کە بە هۆی کۆمەڵی ڕێگری ئابوورییەوە بوو بووە مایەی ئەوەی کە نەتوانێت ببێتە بەرهەڵستکارێکی بەهێز لە بەرامبەر ئارەزووەکانی ئەمریکادا کە زۆرێك لە سەرۆکە ئەورووپەیکان خەونیان پێەوە ئەبینی. بۆیە ئەوروپایەکی بێ هێز و یابانێکی دۆڕاو نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەك ڕێگر بێت لە بەرامبەر مەراموو نیازەکانی ئەمریکا لە ئاسیادا. وەهەروەها دۆڕانی بلۆکی بە ناو سۆسیالیزم لە ئەورووپا وە تەسلیم بوونی بەیەك جاری لە ساڵی 1990 ڕێگەی زیاتر خۆش کرد بۆ ئەمریکا کە بکەوێتە چنینەوەی ئەو بەرو بومانە کە لە ساڵانی پێش حەفتاکانەوە کاری بۆ دەکرد.

ئەگەرلە چەند لایەنێکەوە تەماشای ئەو ئالۆگۆڕە مێژووییانە بکەین کە بەسەر ئیمپریالیزمدا هاتوون ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کەچ جۆرە مەرامێك لە پشت سیاسەتەکانی واشنتۆنەوە خۆی مەلآس داوە. ڕاگەیاندنی شەڕ لەگەڵ عێراق دا لەوێوە نیە کە ئەمریکا نیگەرانە لە بەهێز بوونی ڕژێمی عێراق یاخوود عێراق چەکە بە کۆمەڵ کوژەکان وەبەرهەم دێنێتەوە بەڵکوو لەوێوەیە کە ئەمریکا ئەیەوێت جارێکی تر لە ڕێگەی بەکار هێنانی هێزەکەیەوە ئۆتۆریتەی خۆی بەسەر دنیادا بسەپێن ئیدی ئەگەر تەنانەت هەموو دنیا ئەمڕۆ لەووش حاڵی بێت کە ئەم کارەی ئەمریکا کارێکی ئیمپریالیستیە، وە ئەم کارە ئەنجام ئەدات و باکی نیە چۆن پێناسە دەکرێت.

## ئیمپریالیزم و بەرگری کردنی لە مانەوەی

هەرچەندە ئەو شەڕە ئیمپریالیستی یانەی کە لەمێژوودا کراون بۆ پەل هاویشتنی زیاتر بوون، بەلآم زۆربەی هەوڵەکان بۆ ئەو پەل هاویشتنانە سەرکەوتوو نەبوون یان بەپێی ئارەزووکانی ئیمپریالیزم جێکەوتە نەبوون. بۆیە بەهرەمەند بوون و دەستگیر بوون لەم مرامە، شێوەی شەرعیەت پێدانی شەڕکان زیاتر ڕەوندێکی دیکتاتۆریانەی بە خۆوە گرتووە.

بۆ نمونە سەبارەت بە دەستەلآتی ئیمبرابتۆریەتی ڕۆم " جۆسیف سکیومپتر " لە نەوسینێکدا بە ناونیشانی " The Sociology of Imperialism " لە ساڵی 1919 دا سەبارەت بە گەشەکردن و فراوان بوونەوەی ئیمبراتۆریەتی ڕۆم دەڵێت :

سوچێك نەمابوو كە لە ژێر ترناسكى لێدان دا وەدەر بێت، لەبەر ئەوەى ئەگەر تەنانەت ڕۆمێش ئارەزووى لێدانى شێۆنێكى نەبوایە ئەوە یەكێك لە هاوپەیمانەكانى ئەو كارەیان دەكرد، ڕۆمیش بۆ ڕاگرتنى دڵى هاوپەیمانەكانى ئەم كارەى دەكرد وەبەم شێوەیە ئارەزووى هاوپەیمانەكانى دەبوونە بەشێك لە ئارەزووەكانى ئەویش. زۆر جار بیرۆكەى درووست كردنى هاوپەیمان بەمەبەستى ڕاپەڕاندنى بەشێك لە ئارەزووەكانى ڕۆم، وە لەكاتێكیشدا ئەگەر ئەو نەخشانە بە پێى پێویست

نەچووبانایە پێشەوە بەوە لەقەڵەم دەدرا یان باشتر وایە بڵێت هەیبەتى نەتەوەییان لەكەدار دەبوو.

بۆ نمونە ئەو دەورانە دنیا چەند هێزێكى جۆراو جۆرى سەربازى لە مەیداندا بوون، ڕۆمیش بە پیشەى خۆى دەزانى كە دنیا بپارێزێت لەو جۆرە هێزانەى كە ئاشكرا بەرهەڵستكارى پلانەكانى ڕۆم بوون و كاریگەرى بەهێزیشیان هەبوو لەسەر دامەزراندنى بناغە پاى یەكانى كۆمەڵگاكاندا.

بەبێ هیچ جیاوازیەك زۆرێك لە هێزە ئیمپریالیستیەكانى سەدەى نۆزدهەم ئەوەیان بۆ ڕۆشن بوو كە لەژێر مەترسیەكى گەورە دا بوون. ململانێى نێو هێزە ئەوروپیەكان بۆ دابەش كردنى ئەفریقا لەوێوە نەبوو كە ئەمانە دژ بە ئەفریقا بن بەڵكو لەوێوە بوو كە سپى پێستەكان یان پیاوى سپى پێست بە ماڧ خۆى ئەزانى كە سالارێتى ڕەش پێستەكان بكات و وەهەروەها بەكارى خۆیان دەزانى كە ئەفریقا بكەوێتە ژێر ڕكێفى خۆیانەوە. ئەمە وەك ئەو هەوڵانە دەهاتە پێش چاو كە وەك زنجیرە چیرۆكێكى بێ كۆتاى بەردەوامە كە چۆن پیویست بوو ناخى ئەو هێزە كاریگەرانە تاقى بكاتەوە كە لەهەمو سوچێكى دنیادا هەبوون، وەتەنانەت لەگەڵ مردنى دەستەڵاتى ئیمبراتۆریەتى ڕۆمیشدا هەر نەمردن و بووەنە بەشێكى گرنگ، لە دووە دەورانى جیاوازدا، بۆ بەریتانیا و بۆ ئەمریكا.

ئاگاهى یەك كە بلاو بووەوە لەو كاتانەدا بووە مایەى فەراهەم كردنى ستراتیجێكى تازە بۆ پاراستنى بیرۆكەى نێونەتەوەیى بوونى ئەمریكا و لەدایك بوونى بریارێك كە ئاڵوگۆر پێ كردنى بریارى ئۆرگانە بەش بەشەكان بگێۆزێتەوە بۆ ژێر دەزگایەك بە ناوى كۆنگرسى ئەمریكى یەوە. ( New York Times، September 20، 2002) .

ئەم بابەتە دەكرێت دوو خاڵى گرنكى لێ دەست نیشان بكرێت كە مەبەستى سەرەكى ئەمریكا یە.

1 – سەردار بوون، بە بێ وەستان و بە بێ كۆتاى و بێ هیچ مەرج بەندیەك، بۆ داگیر كردن لە ڕێگەى هێزەوە بەمەبەستى ئەوەى كە هیچ هێزێكى تر تواناى ئەوەى نەبێت ببێتیە مەترسییەك بۆ سەر بەرژەوەندیەكانى ئەمریكا لە دنیادا.

2 – ئامادە باشى هێزى سەربازى بۆ لێدانى ئەو وولاَتانەى كە دەبنە مایەى مەترسى چ بۆ ئەمریكا و چ بۆ هاوپەیمانەكانى لە دنیادا.

مل نەدانى ئەمریكیەكان بە بریارە نێودەوڵەتیەكان بیرۆكەكەى لە ستراتیجى یە تازەكانى سەنتەرى ئاسایشى نەتەوەیى ئەمریكاوە هاتووە. بۆ نمونە سینەتۆر " Edward M، Kennedy " دەڵێت : ئەو خاڵە توندانەى كە لەو ستراتیجەدا هاتوون بانگێشەو پلانى ئیمپریالیزمى سەدەى 21بە ڕەهبەرى ئەمریكا، كە تێى دا دەڵێت : بەس ئەمریكایەكان سەرووەرن وەكەسى كە قەبووڵ ناكەن لە پێش خۆیانەوە " October، 7، 2002 ".

هەوڵو تەماحەكانى واشنتۆن بە تەنها لەیەك ڕێگەوە لە حاڵى ئەمڕۆدا سەقامگیر دەبن و شەرعیەت وەردەگرن ئەویش لە ڕێگەى هاوپەیمانەكانیەوەیەتى. ئەوانیش وەك هێزێكى ئامادەباشن كە لە گەڵ ئەمریكادا بێ شەرمانە دەست بكەن بە گیرفانى هەر نەتەوەیەكدا بۆ دزینى سەروسامانى زیاتر، كە ئەمریكا پێى وایە مەتریسى گەورە پێك دێنن بۆ سەر بەرژەوەندیەكانى ئەمریكا و هاوپەیمانەكانى.

ئەو بیانوانەی کە ئەمریکا دەهێنێتەوە وەك مەترسیەك بۆ سەر بەرژەوەندیکانی بێجگە لە ڕیگە خۆشکردن بۆ فراونکردنەوەی دەستەلاّت و سەپاندنی هەیمەنی ئەمریکی هیچی تر نین، کە خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئەمە بۆ هەموو کەسێك ئاشکرا بووە. بۆ نمونە لە ئێستادا دوژمنەکانی ئەمریکا کەوتوونەتە وولاّتانی جیهانی سێیەمەوە کە باشترین شانسی بۆ ئەمریکا فەراهەم کردووە تا دەستەلاّتە ئیمپریالیستی یەکەی ئاوەلاّ تر و فراوان تر بکاتەوە.

عێراقیش لە ژێر دەستەلاّتێکی خوێن مژ و دیکتاتۆرێکی وەك صەدام حوسێن دا باشترین نمونەی ئەم شانسەی ئەمریکایە بۆ ئەوەی ئەم دیاریە بۆ مەرامەکانی خۆی قبوولّ بکات و ئەو مەدالیایەش بکات بە گەردنی صەدام حوسێن وە کە گوایە وولاّتێکی بێ ئامانەو گەورەترین مەترسی بۆ سەر بەشەریەت پێك هێناوە، دەبێت لە نێو ببرێت، هەرچەندە پێ ناچێت تاکو ئێستا صەدام حوسێن دەستی لە چەکی ئەتۆم گیر بوبێت بەلاّم بە پێی قسەکانی سەرانی ئەمریکا ئەگەر صەدام لە ناو نەبرێت ڕەنگە لە نزیك ماوەدا ئەم کارە بکات. بۆیە سەرباری نارازی بوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەگەر بە تەنیاش ئەم کارە بکات ئەوە زۆر کێشەی نیە و ئەنجامی ئەدات.

دیارە بەم جۆرە هەلّوێستگیریانە ئەمریکا ترسی خستوەتە نێو دلّی هەموو تاکێکی ئەمریکی یەوە کە صەدام حوسێن ترسناکیەکی گەورەیە، دەبێت ئەمریکا دەستپێشخەری بکات بۆ ڕوونەدانی کارەساتێکی تر لە چەشنی 11 ی سێپتەمبەر کە تاکو ئێستاش ترسەکەی لە نێو دلّی ئەمریکیەکاندا وەك و خۆی ماوەتەوە. دیارە ئەو ڕووداوە لە زۆر لایەنەوە بە قازانجی نەخشەکانی شکایەوە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئەمریکا. 11ی سێپتێمبەر بوە مایەی ئەوەی کە ئەمریکا تەواوی وولاّتانی دنیا پەلکێش بکات بۆ دەورەیەکی تر لە شەڕ بۆ بەئەنجام گەیاندنی مەرامەکانی.

ئەگەرچی ئەمریکا ڕۆژانە لە ڕێگەی کەنالّەکانی میدیای جیهانییەوە ڕێگە بۆ ئەو شەڕە خۆش ئەکات، بەلاّم تاکو ئێستا زەرەرەو زیانەکانی نادیارە بۆ زۆرینەی خەلّك، یان باشتر وایە بلّێم، . قوربانییانی کێ دەبن. . . . . . . . . .

"بیرو بۆچوونی زۆر سەیرو سەمەرە بەرگوێ دەکەوێت. لە وولاّتانی جۆراو جۆرەوە کە هەموویان لە چوارچێوەی نەخشەکانی CIA دا دەخولێنەوە. ئەو دەزگایە سایەی خستووەتە سەر زۆربەی تێڕوانینەکان سەبارەت بە شەڕ لەم دەورانەدا. وە زۆر بە شێوەیەکی ترسناکانە پاساو دێننەوە کە لە هەموو حالّەتەکاندا دەبنە مایەی خزمەتکردنی سیاسەتەکانی دەزگای ناوبراو و جێ پێ خۆشکردنی هەنگاوەکانی ئەمریکا.

سەرۆکی ئەمریکا لە قسەکردنێکیدا لە 7ی ئۆکتۆبەری 2002 دەلّێت : ڕەنگە عێراق لە هەولّی ئەوەدا بێت کە چۆن دەستی کوشندەی خۆی بوەشێنێت لە ئەمریکا، وەڕەنگە لە ڕێگەی هەندێ باندی تیرۆریستی وە ئەو چەکە بە کۆمەلّ کۆژانە کە ئێستا عێراق هەیەتی زیانی گیانی زۆر لە ئەمریکا بدات. بەلاّم CIA لە نامەیەکدا بۆ کۆنگرسی ئەمریکی دەلّێت : تاکو ئێستا هیچ دەلیلێك نیە ئاماژە بەوە بکات کە عێراق نیازی لەو بابەتانەی هەبێت ( New Yourk Times، October، 10، 2002.

**ئە سپی ترۆجان ( Trojan)**

لە ڕاستیدا گومانی تێدا نیە کە ئەمڕۆ صدام ئەو هێزەی نیە کە چەکە بە کۆمەلّ کوژەکان لە بەرامبەر هیچ وولاّتێك بەکار بێنێت لە بەر دوو هۆ :

1- زۆربەی ئەو چەکانە لەلایەن تیمە بشکێنەرەکانەوە لە ناو چوون و تێك شکێنران لە نێوان سالاّنی 1991 — 1998.

2- صەدام حوسێن لە دنیا دابڕاوە گومانی تێدا نیە بە تەنیا تواناى درووست کردنەوەی ئەو چەکانەی نیە. بۆیە پێ ناچێت ئەو چەکانەی هەبێت.

تواناییەکانی صەدام حوسێن سەبارەت بە چەکە بە کۆمەڵکوژەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1988 کە تەنانەت تاکو دوای بەکار هێنانی ئەو چەکانە لە شەڕی عێراق لەگەڵ ئێران وەهەروەها بەکار هێنانی ئەو چەکانە لە دژی خەڵکی کورد، کەچی ئەمریکا بەردەوام کەرەسە خاوەکانی درووست کردنی چەکە بە کۆمەڵ کوژەکانی دەخستە بەردەم عێراق و ڕژێمەکەی.

گومانی تێدا نیە ئەمڕۆ ئەمریکا لە هەموو وولاتانی دنیا زیاتر چەکە بە کۆمەڵ کوژەکانی هەیە، وەباشترین و تازەترین تەکنەلۆجیای خستوەتە خزمەت ئەوە مەبەستەوە. بۆیە بۆ زۆرێك لە وولاتان جێی سەرسوڕمانە کە بۆچی ئەمریکا ئەم بەهانەیەی لە عێراق گرتووە نوساوە بەم مەسەلەیەوە. بۆچی کەسێ: باس لەو چەکانەی ئەمریکا ناکات.

سەرۆکی تیمە پشکنینەکانی دەورانی پێش بلێکس " Richard Bulter " دەڵێت : سەختیەك کە لە بەردەم کارەکانی مندا هەبوولە بەغدا، ئەو کاتانە بوو کە ڕژێمی عێراق پرسیاریان لێ ئەکردم کە بۆچی قسەیەك لەسەر چەکە بەکۆمەڵ کوژەکان، بایۆلۆژیەکانی ئیسرائیل ناکەن. Richard Bulter درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: " نازانم بۆچی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا ئەم هەموو کێشەیە دەخولقێنن کە ئەوان خۆیان خاوەنی ئەصڵی ئەو چەکانەن وەتاکوو ئێستا لەژێر بیانووی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و نەتەوەیدا ئەم چەکانەیان هێشتوەتەوە "، ئیتر دیارە صەدام حوسێن یش لەژێر هەمان بیانوودا ئەم چەکانەی هەیە ( Sydney Morning Herald، October 3، 2002) .

لەڕاستیدا بە پێچەوانەی هەوڵ دان بۆ لەناوبردنی ئەو چەکانە، ئەمریکا ڕێگرە لەبەردەم ئەو هەوڵانەی UN کە دەیانەوێت ئەو کارە بکەن. . . . . . . . . .

مەبەستەکانی ئەمریکا لە پشکنین وگەڕان بەدوای چەکە بە کۆمەڵ کوژەکان، لە عێراق دا، ئاڵوگۆڕپێکردنی ڕژێم بووە، تیمە پشکێنەرەکان بۆ ئەو مەبەستە هەمیشە لە ژێر فشارو زەختی ئەمریکادا بوون و هەمیشە وەیستوویەتی ئەو تیمانە وەك ( ئەسپی تۆریجان) بەکار بهێنێت بۆ پێکاندنی مەرامەکانی.

## دە ست بەسەرا گرتنی نەوت

ململانێی سیاسی و ئابووری و سەربازی هەمیشە لایەنی ڕەواڵەتی ئیمپریالیزم بووە لە هەموو دەورانەکاندا، بەڵام ئەمڕۆ نەوت بووە بە تاقە سەرچاوەیەکی گرنك بۆ ئەمریکا کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت دەستبەرداری ببێت. ئارەزووەکانی ئەمریکا لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ زیاتر کردنی قازانجە بۆ کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا لەبەر ئەوەی ئەمریکا ڕێژەیەکی زۆر کەمی هەیە لەنەوتی خۆی بۆیە ئەبێت هەمیشە لە خەمی پەیدا کردنی سەرچاوە ی تر دابێت بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی کە 25٪ داهاتی ساڵانەی نەووتی جیهانە.

گومانی تێدا نیە ئەمریکا بەدوای کۆنترۆڵ کردنی نەوتی عێراقەوەیە کە دووەم وولاتە لە دنیا بۆ بەرهەم هێنانی نەوت کە زێژەی 12 ٪ نەوتی دنیا وەبەرهەم دێنێت. دەزگای بەڕێوبەرایەتی ووزەی ئەمریکا دەڵێت : بەتەنیا نەوتی عێراق بەشی هەموو پێداویستیەکانی ئەمریکا ئەکات بەزیادیشەوە بۆ ماوەی زیاتر لە 98 ساڵ، وە ئەگەر بێت وگەمارۆی ئابووری لابچێت لەسەر عێراق توانای ئەوەی هەیە کە ئەو ڕێژیە لە نەوت ئەمڕۆ دەری دە هێنێت لە سێ ملیۆنەوە بەرێتە سەر بۆ شەش ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە ئەم چوونە سەرە کاریگەری زۆری لەسەر پێداویستیەکانی نەوتیش دادەنێت وە ڕیژەی بەرهەم هێنانی نەوتی ساڵانە لە 77 ملیۆن بەرمیلەوە بەرێتە سەر بۆ 120 ملیۆن بەرمیل وە ئەو کاتیش بە ئاسانی پێداویستیەکانی ئەمریکا بۆ نەوت دەچێتە سەرەوە و.

دەبینین سعودیەش ڕابەرایەتی OPEC دەکات وە بەپێی پێویست نەووت ناخاتە بازارە بۆ ڕاگرتنی نرخی نەوت. هەروەها ئەتوانین بڵێین ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرهێنانی نەوتییان بەشێوەیەك ڕاگرتووە کە بەهیچ شێوەیەك

www.kurdistannet.org

فریای پێداویستیەکانی بازاڕ ناکەوێت. لەبەر هەموو ئەم هۆیانە مەسەلەی نەووت و کەم بوونی لەبازاڕی جیهانی دا، گەورەترین کێشەی بۆ ئەمریکا و کۆمپانیا گەورەکانی درووست کردووە.

یەکێك لە پسپۆرە ڕاست ڕەوەکانی ئەمریکا بەناوی ( Donald Kagan) دەڵێت : هەموو کێشە ئابووریەکانمان کە ڕوو ئەدەن، سەرچاوەکەی کەمی نەوتە، بۆیە ئەگەر ئێمە هێزمان هەبێت لە عێراق دا ئەوە ئەو کێشەیە بە ئاسانی چارەسەر دەکەین ( Quoted In Book، The Presedents Real Goal In Iraq) .

هەر ئێستا کۆمپانیا ئەمریکیەکان سەرقاڵی خۆ ئامادە کردنن بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق و ئێران. Robert J. Allson کە سەرۆکی کۆمپانیای Andarko Petroleum Corporation دەڵێت : چوونی ئێمە بۆ قەتەر و عمان یەکەم هەنگاومانە بۆ دەستگیر بوون لە نەووتی وولاتانی ڕۆژهەلاتی بە تایبەت لە کاتێکدا کە عێراق دووبارە دەبێتەوە بە شێك لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ( New Yourk Times، October، 22، 2002) .

لە ئێستادا گەورەترین کۆمپانیای فەرەنسی بە ناوی ( TotalFinaEif) وەهەروەها کۆمپانیای ڕووسی بە ناوی ( LukOil) گەورەترین سە همیان هەیە لە نەوت دەرکردن لە عێراق [ ڕاستیەکەی زور تر لێرەوەیە کە وولاتانی فەرەنسا و ڕووسیا دژایەتی شەڕی ئەمریکا ئەکەن لە عێراق دا. چونکە نیگەرانن لە چارەنووسی ێ بەرژەوەندی و قەرزەکانیان لەعێراق دا.

کۆنترۆڵ کردنی نەوت لەلایەن چ جۆرە وولات و چ جۆرە کۆمپانیایەکەوە لەعێراق دا بوو بە پرسیارێکی گەورەی نێو هەموو کۆمەڵگاکان، وە پرسیاری ئەوەش هاتووەتە پێشەوە کەئایا کۆمپانیەکانی کام وولات دەتوانن ببن بە شەریك لە و کۆنترۆڵە تازەیەدا کە ئێستا لەلایەن کۆمپانیای فەرەنسی و غەیرە ئەمریکیەوە کۆنترول کراوە.

هەرچەندە دەست گیر بوونی نەوت لەعێراق دا بۆ ئەمریکا هەموو نەخشەدارێژراوەکەی نیە، بەلاَم باشترین خاڵی دەست پێکردنێتی لەو ناوچەیە بۆ بە هێز کردنی هەیمەنەی ئەمریکی و بەرژەوەندیەکانی. دەست بەسەرا گرتنی نەوتی عێراق دامەزراندنی دەستەلاَتیکی پرۆ ئەمریکی دەبێتە مایە دەوروبەرگرتنی ئێران، کە ئەویش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی تری نەوتە لە ناوچەکە، بە هێزی سەربازی ئەمریکی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ باکووری تورکیا و عێراق، هەروەها لە ڕۆژ ئاوای ئێرانەوە لە سعودیەو کویت قەتەر هتد. . . . . وەهەر ئێستا ئەمریکا ڕۆژهەلاَتی لە ئێران گرتووە بە پاکستان و ئەفغانستان کە بوونی نفوزی ئەمریکا لەم شێۆنانە ئەوە بۆ ئەمریکا مسۆگەر ئەکەن کە بتوانێت بەئاسانی ئەو هێڵە نەوتیانە بپارێزێت کە لە دەریای قەزووینەوە لە ناوەڕاستی ئاسیا وە تێپەڕ دەبن بۆ دەریای عەرەبی. هەروەها ئەوە بۆ واشنتۆن فەراهەم دەکات کە هێزێکی سەربازی هەبێت لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست دا، کە هەر ئێستا دەستی بەم کارە کردووە بە دەیان هەزار سەربازی ئەمریکی جێگیر بووە لە چەندین وولاَتی ئەو ناوچەیە. دەست بەسەرا گرتنی نەوتی عێراق دەبێتە مایەی دەمە زەرد کرنەوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا لە گەڵ وولاَتانی نموونەی سعودیە و ئەو وولاَتانەی کە خاونی نەوتن. بە کورتیەکەی دەست بەسەرا گرتنی نەوتی عێراق دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەموو وولاَتانی دنیا ناچار ئەکات کە پشت بە بازاڕی ئەمریکا ببەستن بۆ بەدەست هێنانی پێداویستیەکانیان کە نەوت کاریگەی زۆری هەیە لە سەریان.

## یەك دنیای [پرۆ ئەمریکی ]

لەسەرەتای هەفتاکان، لەدەست دانی کاریگەری لە بازەڕەکانی ئەوروپا و یابان و، دابەزینی نرخی دۆلار لە بەرامبەر ئاڵتوون لە ساڵی 1971، بوونە مایەی پەیدا بونی جۆرێك لە بۆچوون کە ئەمریکا کارگەری و بەهێز بونی لەدنیادا کەم ڕەنگ تر ئەبێتەوە.

کەچی لە سالی 1990 لەدوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەلاتی بەناو کۆمۆنیزم. ئەم کاریگەریەی ئەمریکا پێچەوانەوەی سالی 1970 بوو وە و بووە مایە بەهێزبوونەوەی ئەمریکا لەئاستی هەموو دنیادا بۆ جارێکی تر. بە تایبەت ئەم بەهێز بوونەی ئەمریکا لە ئاستی ئابووری دا چەند بەرابەر چووە سەر لە بەرامبەر وولاّتانی ئەوریا و یابان.

ئەم ئالوگۆڕانە لەهەموو کات زیاتر جێگەو ڕێگەی ئەمریکای گۆڕی بۆ هێزێکی داگیرکەر کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر (Pax American) بوو بە واقعەتێك و خۆی فەرز کردووە لە هەموو دنیایادا. بنیات نانەوەنەوەی ئەو هەمینەتەی ئەمریکا ئامانجێکی گرنگی نەخشەکانی بۆش پێك دێنێت لە دوای لێدانەکانی 11 سێپتەمبەری 2001، هەر لەم بارەیەوە G، John Ikenberry پرۆفیسۆرێکی جیۆپۆلیکسە لە دانشگای (Georgetown) دەڵێت : ئەم ستراتیجەی ڕیشەیەی ئەمریکا لە گەڵ کۆمەڵی ئەنجامگیری ڕێشەی دەستی پێ کرد بە مەبەستی مانەوەی ئەمریکا وەك هێزی تاقانە لەسەراسەری دنیادا وە بەبێ هیچ منافسێکی ئەمریکا بتوانێت دەستی لەسەرو سامانی دنیا گیر ببێت، وە ئەم سیاسەتە بە ئاشکرا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت و دەڵیت هیچ هاوپەیمانیەك سەرکەوتوو نابێت ئەگەر ئەمریکا ڕابەری نەکات و تێی دا نەبێت وەتەنانەت ئەکەر لەبەرژەوندیەکانی ئەمریکاوە سەرچاوە نەگرێت.

دیارە ئەمریکا بە شێوەیەکی نا ئاسایی لە سالی 1990بەدواوە، گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی لەبەرامبەر وولاّتانی تری دنیا. وەهەروەها خەرجیە سەربازیەکانی زۆر کەمتر بوونەوە وە لە ئاساتی گەشە کردنی تەکنەلۆژیاو کەرەسەکانی شەڕو سەربازی تواناکانی چەند بەرابەر چوونە سەر. مەبەستی سەرکی ئەمڕۆی ئەمریکا ئەوەیە ئەو ڕەونەقە وەك خۆی ڕابگرێت کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەنجام دانی مەرامەکانی تری ئەمریکا بە شێوەیەکی خێرا تر.

دەستگیربوون و کۆنترۆڵ کردنی نەوت کارێکی دوورخایەنی تەماحەکانی ئیمپریالیزمە کە ئەیەوێت لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداریدا بمێنێتەوە. دیارە هێزی سەربازی بەتەنیا ناتوانێت خزمەت بەم ئامانجانەی ئەمریکا بکات بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئابووری و دەست بەسەرا گرتنی سەرچاوە ئابووریەکان. بەلاّم هەلومەرجی ئەمڕۆ ئەوە پیشان ئەدات کە ئەمریکا بەهەردوو بارەکەدا بەخێرای پەل بهاوێت جێ پێکانی خۆی زیاتر لە دەورانی پێشوو قایم تر بکات لەو ناوچانەدا.

مەبەستی سەرەکی ئەمریکا لە فراوان کردنەوەی دەستەلاّتەکەی بەتەنیا داگیر کردنی جێگەو ڕێگەی زیاتر نیە لەئاستی جیهان دا، بەلکوهەوڵدانێکیشە بۆ دوور خستنەوەی کێشە ئابووریەکانی ناخۆی ئەمریکا کە وەك دوومەڵی ناحەز وان ناوە ناوە سەر هەڵدەدەنەوە کە ئەمریکا پێ وایە، لە ڕێگەی ئەو پلان گێڕانانەوە، بە فراوان کردنەوەی هێزی سەربازی، دەست بەسەراگرتنی سەرچاوە ئابووریەکانی تر لە ئاستی دنیادا، ئەتوانێت وەلاّم بە بەشێکی زۆریان بداتەوە بارە ئابووریەکەی چاك بکاتەوە.

ڕاستیەکەی لەژێر بەهانەی جۆراوجۆردا بۆ کۆمەك کردن بە پێداویستیەکانی شەڕ، زۆرێك لە بیمە کۆمەلاّیەتیەکان لە خەلّك دەسەندرێتەوە، وەتاکو ئێستا لە ڕووی مێژوویەوە هەوڵدان بۆ بەرپا کردنی شەڕو درێژ بوونەوەی دەستەلاّتی ئیمپریالیستی بۆ وەلاّم دانەوە بە کێشە ناوخۆیەکان هەمیشە بێ سەمەر بووە کێشەکانی چەند بەرابەر بردووەتە سەر.

لە کۆتایدا ئەوەی کە زۆر گرنگە لێ حالّی بین ئەوەیە کە ئەمریکا لەڕێگەی توندو تیژی زۆرەوە دەیەوێت مەرامەکانی ئەنجام بدات نەخشەکانی جێ بەجێ بکات. بەلاّم ئەم نەخشەیە تەنیا بۆ داگیرکردنێکی ئاسای و نۆرمالّ نیە بەلکو دەسگیربوونە لە زۆربەی دەستکەوتەکان. ئالوگۆڕپێدانی ئەو جێگەو ڕێگەیەی کە ئیمپریالیزم ئەمڕۆ هەیەتی کارێکی ئاوا ئاسان نیە. بۆیە تواناکانی خەلّك بە شێوەیەکی گشت دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر بگێرێت لەسەر سیاسەتەکانی واشنتۆن و ڕێگری درووستکردن لەبەرامبەری. لەبەر هەموو ئەم هۆیانە ڕێکخستنی ڕیزەکان خەلّك و وەستانەوەیان بە

ڕووی سیاسەتەکانی شەڕو ئیمپریالیزم لە وولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ولاتانی تری دنیا خالێکی زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی چارەنووسێکی باشتر بۆ بەشەریەت لە گشت دنیادا.

**ڤانکۆڤەر**

2003/2/18

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15

www.kurdistannet.org کوردستان نێت